کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-5-2007 13:44:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

LÄNSSTYRELSEN
I STOCKHOLMS LÄN

IKKR
IRAKISKA KOMMITTÉN FÖR
KVINNORS RÄTTIGHETER

### کۆنگرەی کاری جهانی، بۆ ئەوەی دوعاکان دووبارەنەبنەوە

# کۆنگرەی کاری جیهانی سەبارەت بەهاوکاری و وەستانەوە دژ بە توندو تیژی لە پەیوەند بە مەسەلەی ناموس و توندو تیژی پیاوان لە بەرانبەر ژناندا

ریکخراوەکەمان , ریکخراوی عیراقی بۆ مافەکانی ژنان IKKR , رۆژی 11 مەی 2007هەلدەستیت بە سازدانی کۆنگرەی سالانەی خۆی لە بینای پاریزگای ستۆکۆلم بە هاوکاری هەیئەتی دابەش کردنی کۆمەکە حکومیەکان بۆ ریکخراوکردنی ژنان هاوکات ئەم کارە بە هاوکاری ئەنجومەنی پاریزگای ستۆکۆلم بەریوە دەچیت.

## کورتەیەکی میژوویی سەبارەت بە هۆکانی ریکخستنی ئەم کۆنگرەیە

سالانیکی دریژە ریکخراوە خۆ بەخشەکان بە چاودیری لایەنە بەرپرسەکان لە وولاتی سوید و وولاتانی ئەسکەندەناڤ و وولاتانی ئەوروپایی هەولی چالاکانەدەدەن کە کۆمەك بەو ژنانە بکەن کە لەژیر ناوی ناموسیدا هەرەشەیان لە سەرە .

تەجروبەکان تا ئەمرۆ سەلماندویانە کە هەموو لایەك لەسەریانە هاوکاری یەکتر بن و بەشداری چالاکانیان لەو کارانەدا بیت کە لەسەریان بووە , کاری هاوبەش نابیت تەنها لەسەر ئاستی نیوخۆیی و دەرەوەدا بیت بەلکو دەبیت ئاست و سنوری هەموو وولاتیك تیپەرینیت .

ریکخراوی عیراقی مافەکانی ژنان "IKKR" چەند سالیکە پیکهاتووە و تە واوی تەجرەبەو توانایی یەکانی خۆی لە بواری پاراستنی مافەکانی ژنان وەگەرخستووە , ئەم ریکخراوە هاوکاری تەواوی نەك هەر تەنها دام و دەزگا محلی یەکانی سویدی کردوە بەلکە هاوکاری هەموو ئەو

ریكخراوه خۆبەخشانەش  بووه كه له وولاتانی ئەسكەندەناڤی , ئەروپا , یا وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست  كاردەكەن. هەر لەو پیناوەشدا ئەم ریكخراوه تاكو ئیستا بە هاوكاری ریكخراوەكانی تری ژنان لە بەریتانیا, المانیا, هولندا, دانمارك, نرویج وە فنلند دوهەمین كۆنگرەی جیهانی لە شاری ستۆكۆلم سازدەكات .

ئەم ریكخراوه بە هاوكاری و رەزامەندی دەولەت و ریكخراوەكانی ژنان دەتوانێ هەنگاوەكانی بەریتە پیش , بەم كۆنگرەیەش بانگەوازی گشت ئەو ریكخراوانە دەكەین بۆ  بە ئەنجامدانی ئەو كارانە.

شایانی باسە ریكخراوی IKKR  لە سێ سالی رابوردوودا چەندین پرۆژەی بە چاودیری ئەنجومەنی پاریزگای ستۆكۆلم  بۆ ئەو ژنانەی كە لەژێ بیانوی ناموس پەرستیدا بەر هەرەشەی كوشتن كەوتون بەریوە بردوە و، ئەم كۆنگرەیەش كە  پەسەندكراوی  پاریزگای ستۆكۆلە بەیەكیك لەو پرۆژانە دەژمیردری .

## ئامانج لەم كۆنگریە

ئامانج لەم كۆنگرەیە گەیشتن بە ریگایەكی هاوبەشە بۆ ریكخراوە خۆبەخشەكانی ژنان و ئەو دەزگا حكومیانە، لەسەروی هەموشیانەوە دامودەزگا خزمەتگوزاریە كۆمەلایەتیەكانی چەشنی قوتابخانەو پۆلیس بەریوەبەرایەتی كاروباری كۆمەلایەتی بۆ هاوكاری كردنی ئەو ژنانەی كە لە ژیر ناوی ناموسپەرستیدا هەرەشەی كوشتنیان لەسەرە . ئەمەش  كاریكە كە لەسەر ئاستی نیوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا دەتوانریت بە ئەنجام بگات .

## ئەو شیوە كارەی كە لە كونگرەدا رەچاو دەكریت

1- گۆرینەوەی راو بۆچون و شیوازی كار لە مەیدانی عەمەلدا بە شیوەیەكی سادەو ئاسان بۆ ئەو لایەنانەی كە لە كۆنگرەدا بەشدارییان هەیە .

2- قولبوونەوەو تیگەیشتن لە دیاردە جیاوازەكانی توندو تیژی و كوشتنی ناموسی ژنان .

3- دیاری كردنی خالە هاوبەشەكان بە جۆریك كە بتوانیت كاریگەری لە پیشخستنی كارەكانماندا هەبیت.

4- دیاری كردنی دەرئەنجام و ئاسەواری كاری تاك گەرایی و نەخشاندنی ستراتیژیەك بۆ كاری هاوبەش .

5- دانانی تۆریکی کاری هاوبەش ”Network” و هەولدان بۆ دریژە پیدانی ئەم جۆرە کارانە.

## ئەو مەسەلە بناغەیی یانەی  کە کۆنگرە تاوتوی دەکات

1- چۆن دەتوانین جۆرە کاریکی گاریگەرو هاوبەش لە سوید دا لە نیوان دام ودەزگا دەولەتیەکان و ریکخراوە خۆبەخشەکاندا دەست پیبکەین ؟

2- ئەو دەرس و تەجرەبانە چین کە لە میوانانی بەشداربووی کۆنگرەدا سودیان لی وەردەگرین ؟

3- گەیشتن بە دروستکردنی هەیکەلەی تۆریکی کار لە و ریکخراوانەی کە لە زۆریك لە وولاتە ئەورووپیەکان وە وولاتانی ئاسیاوە بەشدار کۆنگرەن.

## بەرنامەی کۆنگرەکە

| | | |
|---|---|---|
| **9.00** | بەخیرهاتن کردنی میوانەکان لەلایەن ئەنجومەنی پاریزگاری ستوکهولەوە ( 5 خولەك )<br>بەحیرهاتن لەلایەن دەستەی دابەش کردنی کۆمەکە حکومیەکان بۆ ریکخراوەکانی ژنان (3 خولوك )<br>ووتەی بەخیرهاتن لەلایەن ریکخراوەی عیراقی مافەکانی ژنان | |
| **9.30**<br>10.00 | چۆن کار دەکەین ؟<br>نیشاندانی فیلمیکی دیکومینتی لەسەر ژنان لە عیراق.<br>وە بریاردان سەبارەت بە کەمپینەکانی دژی | نوینەری ریکخراوەکانی کۆنگرە لە ناوەندەکانی یارمەتی ژنان ( خانە ئەمنیەکانی ژنان) لە عیراق , ئوردون , فەلەستین |

| | | |
|---|---|---|
| | کوشتنی دوعا وە بە ئەنجام گەیاندنیان. | |
| 10.30 | قاوە و سەندەویچ | |
| 11.00 | چۆن کار دەکەین | نوینەری ریکخراوەکانی بەریتانیا, دانمارك, نروویج |
| 11.45 | چۆن کار دەکەین ؟ | ریکخراوەکانی ژنان لە سوید کە نزیکی 30 ریکخراوو بەشدارە |
| 12.45 | نان خواردنی نیوەرۆ | |
| 13.45<br>ورك شوب | لیژنەکان لە دەزگا خزموت گوزاریەکۆمەلایەتیەکان, پولیس,لیکۆلیرەوانی دەرونی و چادیرانی تەندروستی, قوتابخانە, سیَ ریکخراوی خیرخوازن. | 8 گروپ کە هەر گروپە لە 8 کەس پیکهاتووە |
| 15.15 | خستنە رووی سەرەنجامی باس ولیکۆلینەوەی گرووپە جیاوازەکان لە نیو هوموو ئامادە بواندا. | |
| 15.30 | پشو | |
| 16.00 | کورتکردنەوەی کاری لیژنەکان | |
| 16.45 | پشوو | |
| 17.00 -18.00 | پیکهینانی تۆریك لە ریکخراوە خۆ بەخشکانی بەشداربوو | |

## دەعوەتی ریکخراوە بەشداربووەکانی کۆنگرە

ریکخراوەکەتان بە تایبەت بۆ کۆنفرانس هەلبژاردوە وە دەعوەت کراوە بە تەنها کەسیك, کە کارەکانی لەلایەن لیژنەی عیراقی مافەکانی ژنان کە بە هاوکاری ئەنجومەنی پاریزگای ستۆکۆلم ولیژنەی دابەشکاری یارمەتی یە حکومیەکان , بەریوە دەچیت .

نزیکەی 65 کەس لە نوینەری ریکخراوە خۆبەخشەکانی ژنان لە سوید, وولاتانی باکور,هەندیك لە وولاتانی ئەوروپاو وە رۆژهەلاتی ناوەراست  لەم کۆنفرانسەدا بەشداری دەکەن، بەشدار بووان بە شیوەیەکی هەلسوراوانە کاریان کردوە بۆ  وەستانەوە بە دژی توندوتیژی ناموسی وە بەگشتی لە بەرانبەر ژناندا , هاوکات لە  دەزگاخزمەت گوزاری و کۆمەلایەتی یەکانی, پۆلیس, فوتابخانە، دەزگاکانی چاودیری دەروونی و تەندروستی بەشداری لە کۆنگرەکەدا دەکەن.

کۆنفراس فرسەتیکی نمونەیی دەخاتە بەردەست لە خستنە رویی ئەو میتۆدە جیاوازانەی کە ئامانج لیی نەهیشتنی کاری توندو تیژی یە لە ژیر ناوی سرینەوەی  ناموس کە  لە بەرانبە ژناندا ئەنجام دەدریت . دیارە ئامانج لەم کارەش گردوکۆکردنی ئیدەو دۆزینەوەی ریگا چارەی کارسازە چ لە ئاستی نیوخۆ یان لە ئاستی جیهانی دا لەگەل دامو دەزگاکانی مەعنی بەم کارانە یا ئەو ریکخراوانەی کە خۆ بەخشانە لەم مەیدانەدا کار دەکەن .

## بۆئەو ریکخراوە خۆ بەخشانەی کە داوەتنامەی کۆنفرانسیان پیگەیشتووە

بۆ هەر ریکخراویك 15 خولەکمان دیاری کردوە کە کارەکانی خۆی سەبارەت بە " چۆن کار بکەین ؟ " دەخاتە روو , کە رەچاوی ئەم خالانە بکەن

1- خستنە روی کورتەیەك لە کارەکانتان
2- ئەم ریکخراوە چۆن کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کیشەو گرفتە جیاوازەکان ؟
3- ئەم ریکخراوە چۆن هەلس و کەوت وە هاوکاری لەگەل دام و دەزگا بەرپرسەکاندا دەکات ؟

ریکخراوە بەشدار بوەکان لەکاتیکدا ئەگەر باسەکانی بە شیوەی نوسراوو بنیریت باشترە.

تیبینی- بەشداربوون خۆرایی یە بەلام لە هەمان کاتدا پیش وەخت دەبیت ناوی ریکخراوەکەتان لامان تۆمار کرابیت.

**بەرواری کۆنگرە   11.5.2007 رۆژی هەینی کاتژمیر 9.00 - 18.00**

**شوینی کۆنگرە   شاری ستۆکۆلم   Hantverkargatan 29**

**زمانی کۆنفرانس   سویدی – ئینگلیزی یە – نرویجی - دانمارکی**

www.kurdistannet.org
11-5-2007 13:44:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە

**Halala Rafi  0046 73 90841 90**
**Rega Svensson  0046 73 912 66 75**
**0046 8 4203 14 11**
**ikkr_kvinnor@yahoo.com**

**Maria Pilar Reyes  0046 73 807 43 02**
**Annelie Hollo  0046 8 785 41 56**
**annelie.hollo@ab.lst.se**

## ریکخراوی عیراقی بۆ مافەکانی ژنان

## بە هاوکاری ئەنجومەنی پاریزگای ستۆکهۆلم